# قەیرانەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران

**بورهان شاهمرادی**



چاودێری مافی مرۆڤ و کەمپەینی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە نوێترین راپۆرتی خۆیاندا رایانگەیاندووە کە لە ماوەی سەرۆك کۆماری مەحمودی ئەحمەدی نژاد دا مافە بنەرەتیەکانی مرۆڤ بە توندی پێشێل دەکرێن و رادەی پێشێل کارییەکان گەیشتۆتە قۆناخێکی مەترسیدارەوە.

بە پێی ئەو راپۆرتانەی کە لە لایەن چاودێری مافی مرۆڤ و کەمپەینی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاو کراونەتەوە ئەندازەی پێشێل کارییەکان و گوێ نەدان بە یاساکانی نێودەوڵەتی و لە بەر چاو نەگرتنی مافە بنەرەتی و سەرەتاییەکان گەیشتۆتە ئەو پەری خۆی و بە شێوازێکی زۆر مەترسیدار لە سێدارە دانی مێرمنداڵان پەرەی گرتووە و ئێعدام و ئەشکەنجە و بێ سەر و شوێن کردنی جودا بیران و رووناکبیران رۆژ لە دوای رۆژ و بە بێ هیچ بەربەستێك روو لە زیاد بوونە.

بە گوێرەی راپۆرتە بەڵگەدارەکان کە لە لایەن رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤەوە بڵاو کراونەتەوە بار و دۆخێکی نالەبار و زۆر مەترسیدار لە بۆسەی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و رەهەندە سەرەکییەکانی قەیرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان دایە. لەو راپۆرتانە دا ئاماژە بە وە کراوە کە رژێمی ولایەتی فەقیە پلەی یەکەمی هەیە لە ئیعدامی مێرمنداڵان لە ئاستی جیهاندا و تەنها وڵاتێکە کە سزای لە سێدارە دان بۆ مێر منداڵان دەر دەکات.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ی زایینیەوە تا ئێستا، ٦ مێرمنداڵ لە سێدارە دراوون و زیاتر لە ١٣٠ مێرمنداڵی دیکەش سزای لە سێدارە دانیان بۆ دەر چووە و لە بەندیخانەکانی رژێمی دژە مرۆڤی ئاخوندی چاوەرێ جێبەجی کردنی سزای ئیعدامن، کە ئەوە پەڵەیێکی رەشە بە نێوچاوانی رژێمی ملهۆری ئاخوندییەوە لە سەدەی بیست و یەکەمدا.

هەر لەم راپۆرتە دا هاتووە کە ژمارەی ئیعدام کراوەکان لە دەورەی سەرۆك کۆماری ئەحمەدی نژاد بە شێوەیێکی بەر چاو بەرز بۆتەوە.

لە پوشپەری ساڵی ١٣٨٧ تەنها لە یەك رۆژ دا ٢٩ کەس لە سێدارە دران، ئەوە لە حاڵێك دا بوو کە دەم راستەکانی رژێم تەنها ناوی ١٠ کەسیان راگەیاند. جێگای ئاماژە پێکردنە کە لەو کاتەوەی کە ئەحمەدی نژاد بۆتە سەرۆك کۆمار رێژەی لە سێدارە دان بەرز بوەتەوە. ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی رژێمی ئاخوندی ٨٦ کەسی ئیعدام کرد و ژمارەی ئیعدام کراوەکان لە ساڵی ٢٠٠٧ گەیشتە ٣١٧ کەس واتا نێزیکەی ٤٠٪.

سەرە رای ئەو ئیعدامانەی کە لە لایەن کۆر و کۆمەڵ و رێکخراوەکانەوە رادەگەییندری و دەزگاکانی راگەیاندن باسیان دەکەن، بە تایبەت ئەو ئیعدامانەی کە لە تاران و شارە گەورەکان جێبەجێ دەکرێن و هەموو کەس لێیان ئاگادار دەبێتەوە، ژمارەیێکیش بەنهێنیی لە سێدارە دەدرێن و بێ سەر و شوێن دەبن و دەزگاکانی راگەیاندن لێیانەوە بێ ئاگان و تەنانەت هێندێکیش بە هۆی پیلان و رووداوە دەستکردەکانی رژێمەوە گیان دەدەن وەك رووداوی ئوتومبیل و دەیان رووداوی دیکە کە پیلانی رژێمە و لە پشتی پەردەوە نەخشەیان بۆ دادەرێژرێت.

کوردستانی ئێران یەکێك لەو ناوچانەیە کە هەر رۆژە لە لایەن رژێمی کورد کوژی ئاخوندییەوە دەکەوێتە بەر پەلامار و چەندین کەس بە بێ هیچ هۆیێك دەکوژرێن و لە سێدارە دەدرێن یا ئەوەی کە بێ سەر و شوێن دەبن و دوای ماوەیێك جەستەی بێ گیانی ئەو کوردە بێ تاوانانە لە قەراخ جادە و سەر رێگاکان فرێ دەدرێن و کەس ناتوانی و بۆی نییە کە لێیان بکۆڵێتەوە.

باندە مافیاییەکانی رژێمی ئاخوندی بە توندی و بە شێوەیێکی درندانە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان چالاکانی مەدەنی و سیاسی دەگرن و بەرەو شوێنی نادیار راپێچیان دەکەن و دەیاندەنە بەر ئازار و ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکردن تا بەڵکو لە ماف و داوا سەرەتاییەکانی خۆیان پاشەگەز ببنەوە. گوللە باران کردنی خەباتکارانی سیاسی لە کوردستانی ئێران بە شێوەیێکی زۆر ئاسان و بە بێ هیچ لێپرسینەوە و فایل سازی و لێکۆڵینەوەیێك بەرێوە دەچێت. دەزگای ئەمنییەت و ئیتلاعاتی رژێمی ئاخوندی بە بیانوی جۆراوجور گەنجان و لاوانی کوردستان دەداتە بەر شەپۆلی قین و تووڕەیی خۆی، لە هەر لایەکەوە و بە هەر هۆیەك کە رژێم تووشی شکست و لاوازی دەبێ تۆڵەی خۆی لە خەڵکی کوردستان دەکاتەوە.

هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێم سەرە رای کوشتن و ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، گەنجان و لاوان و مێرمنداڵانی کورد کە لە سەر سنوورە دەسکردەکانی کوردستان خەریکی کاسبی و دابین کردنی پێداویستی ژیانن دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە و دەیانکوژن و کەس نییە کە دەنگی لێوە بێت، لە ناو خۆی کوردستان مافە سەرەتاییەکان وەك خوێندن بە زمانی زگماکی و ئازادی بیر و را دەر برین، ئازادی بەیان، ئازادی مەزهەبی و ئایینی، دەیان ماف و ئازادی مەدەنی دیکە کە لە جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ دا هاتووە و لە یاسا بنەرەتییەکانی رژێمی ئاخوندیشدا ئاماژەیان پێکراوە پێشێل دەکرێن و لە بەر چاو ناگیردرێن.

هەڵبەت رژێمێك کە ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری بێت و لە سەر سیستەمی ولایەتی فەقیە بروات هەر ئەوەی لێ دەوەشێتەوە و بگرە لەوەش خراپتر دەبێ.

مێژووی رژێمی ئاخوندی ئەوەی سەلماندووە کە بە هیچ شێوەیێك پێبەند نییە بە مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی و باوەری بەم بابەتانە نییە و بە گشتی واتا و چەمکی مرۆڤ بە لای رژێمی ولایەتی فەقیەوە جیاوازە لە رای گشتی.

رژێمی ئاخوندی کەسێك بە خاوەن ماف دەزانێ کە لە ژێر رکێف و دەسەڵاتی ولایەتی فەقیە دا بێ و گوێ رایەڵی قسەکانی وەلی فەقیە بێت. روون و ئاشکرایە کە ویلایەتی فەقیە لە سەر چ سیستەم و بنەمایێك پێك هاتووە و ئامانجەکانی چیە.

ئەگەر چاوێك بە سەر جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا بخشێنین و خاڵەکانی لە بەر چاو بگرین بۆمان دەردەکەوێت کە بە تێکرا ئەو ماف و ئازادییانەی کە ئاماژەیان پێ کراوە هیوا و ئامانج و داخوازی هاوبەشی هەموو مرۆڤەکانە لە سەرانسەری جیهاندا.

ئەرکی هەموو کەسێکە تا لە رێگای راهێنان و بار هێنان، ئاشنا کردن و فێر کردنی مرۆڤەکان بە مافە رەواکانی خۆیان و پەروەردە کردنیان لە سەر بنەماکانی رێز گرتن لەو مافانە و هەر وەها دامەزراندنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە هۆی دەستەبەر بوونی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیە، دەتوانێ پاراستن و رێز گرتنی ئەکتیڤ و کاریگەری ئەو ماف و ئازادیانە دابین بکات.

***

# کار و پیشەی ژنان لە ئێران کەمتر لە ١٥ لەسەدە



بانکی جیهانی لە راپۆرتێکی نوێدا لەبارەی ئێران رایگەیاند کە تەنیا ١٥ لەسەدی ژنان کاریان هەیە. راگەیێندراوی ئامانجی پەرەپێدانی هەزارە لە سپتامبری ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن ١٨٩ وەڵاتەوە پەسەند کرا. ئەو راگەیێندراوە هەشت ئامانجی گشتی مەبەستیەتی کە وەڵاتان بەڵێنیان داوە تا ساڵی ٢٠١٥ جێ بە جێ ی بکەن. ئامانجی هەشت لایەنەی ئەو راگەیێندراوە بریتیە لە:

١ـ لەنێوبردنی برسیەتی و فەقیری.
٢ـ خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموان.
٣ـ زیادکردنی بەرانبەری رەگەزی و توانای ژنان. ٤ـ کەم کردنەوەی مردنی منالان. ٥ـ باشترکردنی لەش ساغی دایکان. ٦ـ موبارەزە لەگەڵ "ئێچ ئای وی" ئیدز. ٧ـ بەدەست هێنانی دڵنیایی لە جێگیربوونی ژینگە. ٨ـ بەشداری جیهانی بۆ گەشەپێدان.

بانکی جیهانی راپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە و لەودا سەرکەوتنی وەڵاتانی لەرێگەی گەیشتن بە ئامانجی سێهەمی بەرنامەی پەرەپێدانی هەزارە، یانی زیاد کردنی بەرانبەری رەگەزی و توانای ژنانی لێك داوەتەوە. ئەو راپۆرتە بەکەڵك وەرگرتن لە ئاکامی سەرژمێری وەڵاتان و لەبارەی پێشەوە چوونی رەگەزی بۆ وێنە بەرانبەری لە راهێنان و بارهێنان، هیوای بەرەوپێش چوونی دەربڕیوە. لەو سەرژمێریەدا ئیشارە بە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان کراوە کە لەبارەی پیشە و کار بۆ ژنان زۆر لە دوایە. یەکێك لە بەرنامە دیارەکانی پەرەپێدانی هەزارەی سێهەم، بەشی ژنانە لە کار و بەشەکانی غەیرە کەشاوەرزی. ئەو راپۆرتە دەری دەخات کە ئەو بەشە لەساڵی ١٩٩٠ تا ١٩٩٥و ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٦ لە تەواوی ناوچەکان بێجگە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکوری ئەفریقا زیادی کردوە. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان لەو بەشەدا لەگەڵ بەحرەین، بورکینا فاسو، چاد، مالاوی، نیجیر، پاکستان، عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەو وەڵاتانەن کە بە کەمترین لە ١٥ لەسەد، لەو بژاردەیەیان تایبەت بەخۆ کردوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژنان لە ئوروپا و ئاسیای ناوەڕاست بە ٤٥ لەسەد زۆرترین بەشیان لە کار و پیشەی پڕداهات لە بەشەکانی غەیرە کەشاوەرزی بەدەست هێناوە. لەو راپۆرتەدا ئاکام وەرگیراوە کە وەڵاتانێك کە لە کەمترین لەسەدی ئەو بژاردەیە بەشدارن زۆرتر لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ناوەند و باکوری ئەفریقا هەڵکەوتون و خستنە لاوەی ژنان فەرهەنگیانە. لەو وەڵاتانە بەتایبەت ئێران فەرهەنگی دواکەوتوو، جوڵەی ژنانی کەم کردوە و کارکردنی ژن و پارە پەیداکردنی بەپێچەوانەی یاسایی بنەماڵە دەزانن. ئەو راپۆرتە بەم شێوە کۆتایی دێت کە بەشداری هێزی کاری ژنان لە ئابووری و پەرەپێدانی وەڵات گرینگی زۆرە چونکە دەبێتە هۆی کەم بونەوەی فەقیری. تێکۆشانی ژنان لەباری ئابووریدا، ئازادی و هێزی بڕیاردان بەدوای خۆیدا دەهێنێ. جیاواز لەوە زیادبوونی بەشداری هێزی کاری ژنان دەتوانێ لەسەر ئازادی و سەرکەوتنی ئەوان لە باقی بەشەکانی وەك بنکەی تەندروستی و راهێنان و بارهێنان کاریگەری هەبێ و شوێنەواری ئەکتیڤی لەسەر ژیانی خۆیان و منالەکانیان دەبێ.